# ڕستەی (چیمەنەکە بەباشی ئاودەدا.)

ئامادەکردنی: م. عبداللە عبدالقادر علی

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

یەکشەممە (٥/١١/٢٠٢٣)

لە پرسیاری بەرایی، ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧)، گرووپی (C)، ئەم پرسیارەی خوارەوە هاتووەتەوە:

پ١٠/ لە ڕستەی (چیمەنەکە بەباشی ئاودەدا.) کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟

(A- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، B- ڕانەبردووی دانانی، C- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، D- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)

وەڵامی دروست بە ( C- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) دیاریکراوە.

زۆر جار پرسیار دەربارەی ئەم ڕستەیە دەکرێت، ئایا کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)ە، یان (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)ە؟ چۆن بزانین کامیانە؟

١- ئەگەر لە زمانی نووسیندا، پیتی (ت)ی کۆتایی جێناوە کەسییە لکاوەکەی کۆمەڵەی سێیەم (ات)مان نووسی، هیچ گرفت دروست ناکات و کارەکە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)ە. وەک:

(چیمەنەکە بەباشی ئاودەدات.)

٢- ئەگەر پیتی (ت) لە کۆتایی کارەکەدا نەبوو، ئەوا دەبێت سەیری کۆتایی (بەرکار) بکەین و بزانین جێناوی کەسیی لکاو لە کۆتایی بەرکار هەیە، یان نا؟ ئەگەر جێناوی کەسیی لکاو لە کۆتایی بەرکار نەبوو، ئەوا کارەکە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)ە و تەنیا بۆ ئاسانی درکاندن پیتی (ت)ی کۆتایی جێناوەکەی لابردووە. وەک:

(چیمەنەکە بەباشی ئاودەدا.)

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

**٣- ئەگەر پیتی (ت) لە کۆتاییی کارەکەدا هەبوو، هەروەها جێناوی کەسیی لکاویش لە کۆتاییی بەرکار هەبوو، ئەوا کارەکە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)ە و جێناوی کەسیی لکاوی دوای بەرکارەکە دیارخەری ناوەکەی پێش خۆیەتی. وەک:**

**(چیمەنەکەیان بەباشی ئاودەدات.)**

**٤- ئەگەر پیتی (ت) لە کۆتاییی کارەکەدا نەبوو، هەروەها دوو جێناوی کەسیی لکاویش لە کۆتاییی بەرکار هەبوو، ئەوا کارەکە (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)ە و جێناوی کەسیی لکاوی یەکەم (یان) دیارخەری ناوەکەی پێش خۆیەتی و جێناوی کەسیی لکاوی دووەم (مان) بکەری ڕستەکەیە. وەک:**

**(چیمەنەکەیانمان بەباشی ئاودەدا.)**

**٥- ئەگەر پیتی (ت) لە کۆتاییی کارەکەدا نەبوو، هەروەها تەنیا جێناوێکی کەسیی لکاویش لە کۆتاییی بەرکار هەبوو، وەک: (چیمەنەکەمان بەباشی ئاودەدا.)**

**ئەوا دوو بۆچوون هەڵدەگرێت:**

**أ- دەکرێت کارەکە (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن) بێت و (مان) بکەر بێت. وەک:**

**(چیمەنەکەمان بەباشی ئاودەدا.)، واتە (ئێمە چیمەنەکەمان بەباشی ئاودەدا.)**

**تەنانەت لەم حاڵەتەشدا دەکرێت جێناوی کەسیی لکاو بۆ سێیەمی تاک (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم لە کۆتاییی کارەکەدا هەبێت و دەرنەکەوتبێت، چونکە هێمای نییە و ئەرکەکەشی بریتییە لە دیارخەری ناوی (چیمەنەکە)، واتە کۆمەڵەی دووەم بووە بە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ. وەک:**

**(چیمەنەکەمان بەباشی ئاودەداØ.)، واتە (ئێمە چیمەنەکەی ئەومان بەباشی ئاودەدا.)**

**ب- دەکرێت کارەکە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) بێت و (مان) دیارخەری ناوی (چیمەنەکە) بێت. واتە کۆمەڵەی یەکەم بووە بە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ. وەک:**

**(چیمەنەکەمان بەباشی ئاودەدا.)، واتە ( ئەو چیمەنەکەی ئێمە بەباشی ئاودەدا.)**

**لە کۆتاییدا، ڕستەکەی سەرەوەی پرسیاری بەرایی (چیمەنەکە بەباشی ئاودەدا.) هیچ گرفت و ئاڵۆزییەکی تێدا نییە، چونکە لە کۆتاییی بەرکار جێناوی کەسیی لکاو نەهاتووە.**

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علي)